سوره 18: الكهف

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُ عِوَجَا (1)

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە قورئانی بۆ سەر بەندەی خۆی (محمد صلى الله عليه وسلم) ڕەوانە کردووە، بەڕاستی هیچ کەم و کوڕی و ناتەواویەکیشی تیا بەدی ناکرێت.

قَيِّمًا لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا (2)

(ئەو قورئانە) کتێبێکی بەنرخ و پایەدارە تا (یاخییەکان) لە سزایەکی سەخت بێدار بکاتەوە کە لەلایەن خواوە (لە دنیاو قیامەتدا) یەخەیان پێ دەگرێ، وە مژدەش دەدات بەو ئیماندارانەی کە کارو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن بەوەی کە پاداشتی زۆر چاك بۆیان ئامادەیە.

مَاكِثِينَ فِيهِ أَبَدًا (3)

وە بەردەوام و بۆ هەمیشە (لەو بەهەشتە سازگارەدا) دەمێننەوە.

وَيُنذِرَ الَّذِينَ قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا (4)

(هەروەها لەڕێگەی ئەم قورئانەوە) ئەو کەسانە دەترسێنێ و بێداریان دەکاتەوە، کە دەڵێن: خوا کوڕی هەیە!!

مَّا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِآبَائِهِمْ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا (5)

نەخۆیان و نەباوانیان لە ڕووی زانستی و زانیاری و تێگەیشتنەوە (ئەو گوفتارە ناقۆڵایە ناڵێن)، (لە ڕاستیدا ئەو بوختانەیان) قسەیەکی زۆر

گەورەو نارێکە کە لەدەمیان دەردەچێت، ئەوانە جگە لە درۆو گوفتاری نابەجێ (هیچی تر نازانن).

فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا (6)

تۆ لەوانەیە لە خەفەت و پەژارەدا بۆ ئەوانەی کە باوەڕ بەم قورئان و فەرموودەیە ناکەن خۆت لەناو بەریت و لەداخا بمریت، (پێمان ڕەوا نیە وابیت، ئەوانە لەدەستمان دەرناچن).

إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا (7)

ئێمە هەرچی لەسەر ڕووی زەویدا هەیە کردوومانە بەهۆی ڕازاندنەوەی، تا بیزانین کێ کاروکردەوەی چاکترو ڕێکوپێکتر ئەنجام دەداو (نازو نیعمەتەکان بۆ چاکە بەکاردێنێ).

وَإِنَّا لَجَاعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا (8)

بێگومان ئێمە سەرئەنجام هەرچی لەسەر ئەم زەویەدا هەیە تەختی دەکەین و دەیکەینە گۆڕەپانێکی تەخت و ساف و ڕێك.

أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَابَ الْكَهْفِ وَالرَّقِيمِ كَانُوا مِنْ آيَاتِنَا عَجَبًا (9)

ئایا وادەزانی کە یارانی ئەشکەوت و تابلۆ (کە ناویانی لەسەر نووسراوە) لە نیشانەو بەڵگە سەرسوڕهێنەرەکانی ئێمە نین؟! (لە سەردەمی پاشایەکی زۆرداری خوانەناسدا چەند لاوێکی ئیماندار هەست دەکەن کە ئیمان و ژیانیان لە مەترسیدایە ڕوو دەکەنە ئەشکەوتێك، لەوێدا ماوەیەکی دوورودرێژ خوای گەورە خەویان لێ دەخات).

إِذْ أَوَى الْفِتْيَةُ إِلَى الْكَهْفِ فَقَالُوا رَبَّنَا آتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا (10)

کاتێ کە لاوەکان ڕوویان کردە ئەشکەوتەکەو نزایان کردو وتیان: پەروەردگارا لەلایەن خۆتەوە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆتمان بەسەردا

بڕژێنەو لە سۆزی خۆت بەهرەوەرمان بکە، وە ڕێگەی ڕزگاری و سەرفەرازیمان بۆ بسازێنە.

فَضَرَبْنَا عَلَى آذَانِهِمْ فِي الْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا (11)

(ئێمەش نزامان گیرا کردن) وە پەردەمان هێنا بەسەر گوێیاندا، (تا بە ئارامیی) چەندەها ساڵ لە ئەشکەوتەکەدا بۆ خۆیان (بە خەوتوویی) بمێننەوە.

ثُمَّ بَعَثْنَاهُمْ لِنَعْلَمَ أَيُّ الْحِزْبَيْنِ أَحْصَى لِمَا لَبِثُوا أَمَدًا (12)

لەوەودوا (دوای ماوەیەکی دووروودرێژ) لەخەو خەبەرمان کردنەوەو لە نوستن هەستان، تا بزانین کام دەستەیەیان دەزانن کە چەندە خەویان لێ کەوتووە (ئەوانەیان کە دەڵێن ڕۆژێ یا کەمتر، یا ئەوانەیان کە دەڵێن مەگەر هەر خوا بزانێ چەندە خەوتووین).

نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِالْحَقِّ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى (13)

ئێمە بەڕاستی و دروستی هەواڵی بەسەرهاتی ئەو لاوانەت بۆ دەگێڕینەوە، بەڕاستی ئەوانە لاوانێك بوون باوەڕی دامەزراویان هێنابوو بە پەروەدگاریان، ئێمەش زیاتر لە نووری ئیمان و هیدایەت بەهرەوەرمان کردن.

وَرَبَطْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَ مِن دُونِهِ إِلَهًا لَقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا (14)

ئێمە دڵەکانیانمان دامەزراو کردو (بڕیاریان دا کۆمەڵگەی نەفامی بەجێ بێڵن) هەستان و وتیان: پەروەردگاری ئێمە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویە، هەرگیز هاناو هاوار بۆ هیچ خوایەکی تر نابەین جگە لەو (ئەگەر لەو ڕاستیە لادەین) ئەوە بێگومان ئێمە قسەی نابەجێ و نادروستمان کردووە.

هَؤُلَاء قَوْمُنَا اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَانٍ بَيِّنٍ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا (15)

ئا ئەوانە قەومەکەی خۆمانن (لە ڕێبازی ڕاست لایان داوە لەجیاتی خواناسی) شتی تریان کردووە بە خوای خۆیان، خۆزگە بەڵگەیەکی ئاشکراشیان هەبوایە لەسەر ئەو (کۆلکە بتانە)، کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ، وە (ئەو بت و شتانەش بە دەسەڵاتدارو لێهاتوو دەزانێت).

وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ فَأْوُوا إِلَى الْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحمته ويُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا (16)

(هەندێکیان وتیان) جا ئێستە کە ئێوە بڕیارتان داوە خۆتان دوورەپەرێز بگرن لەم خەڵکەو لەو شتانە کە لەجیاتی خوا دەیانپەرستن، دەبچنە ئەشکەوتەکەوە، تا لەوێدا پەروەردگارتان ڕەحمەت و میهرەبانیی خۆیتان بەسەردا پەخش بکاتەوە، وە هۆکاری حەوانەوەتان بۆ دابین بکات.

وَتَرَى الشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَاوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ الشِّمَالِ وَهُمْ فِي فَجْوَةٍ مِّنْهُ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُّرْشِدًا (17)

جا کاتێك کە خۆر هەڵدێت دەبینیت تیشکەکەی لەلای ڕاستی ئەشکەوتەکەوە خۆی دەکا بە ژووردا‌و (سوودی لێ وەردەگرن)، کاتێکیش کە ئاوا دەبێت لەلای چەپەوە تیشکەکەیان بەسەردا پەخش دەکاتەوە، ئەو لاوانە لەناو بۆشایی فراوانی ئەوشکەوتەکەدا (ڕاکشاون)، ئەم (خەوەیان) (معجزة)یەکە لە (معجزة) بێ شومارەکانی خوا، ئەوەی خوا هیدایەتی بدات هەر ئەو هیدایەتدراوە، ئەوەش خۆی گومڕا بکات، هەرگیز کەسێکی دەست ناکەوێ کە پشتیوانی بکات و ڕێنموویی بکات.

وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ وَكَلْبُهُم بَاسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِالْوَصِيدِ لَوِ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا (18)

(پاشان دیمەنیان دەهێنێتەوە بەرچاوو دەفەرموێت) وا دەزانیت بەخەبەرن لەکاتێکدا کە بەخەوتوویی ڕاکشاون، ئێمە ئەمدیوو ئەودیویان پێ دەکەین و بەلای ڕاست و بەلای چەپیاندا هەڵیان دەگێڕینەوە، سەگەکەشیان چەمۆڵەی داداوە لەبەردەم کەلەبەری ئەشکەوتەکەدا، ئەگەر تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) سەرێکت بکێشایە بۆ سەر دیمەنیان، بەپەلە هەڵدەهاتیت و ترسێکی زۆر لە دیمەنیان دەچووە دڵتەوە.

وَكَذَلِكَ بَعَثْنَاهُمْ لِيَتَسَاءلُوا بَيْنَهُمْ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالُوا رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَابْعَثُوا أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَا أَزْكَى طَعَامًا فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا (19)

هەر بەو شێوەیەی (کە بە دەسەڵاتی خۆمان خەومان لێ خستن) خەبەرمان کردنەوە، تا (لە ماوەی خەوتنەکەیان) لەیەکتر بپرسن، یەکێکیان هاتە گفت و وتی: باشە ئەوە ئێوە وادەزانن چەندە خەوتوون، (هەندێکیان) وتیان: ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێك خەوتوون، (دیارە هەستیان بە برسێتی کردووە بۆیە لاوێکیان پێشنیاری کردو وتی:) یەکێکتان بنێرن با ئەم پارە زیوەتان ببات بۆ شارو سەرنج بدات، بزانێ کێ خۆراکی خاوێنی هەیە، با هەندێکتان بۆ بکرێ و بۆتان بێنێ، وە با نەرم و نیان و لەسەرخۆ بێ، وە کارێك نەکات کە هیچ کەس پێتان بزانێ و (لە حاڵمان ئاگادار ببێت).

إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِي مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوا إِذًا أَبَدًا (20)

چونکە ئەوانە ئەگەر پێتان بزانن بەردبارانتان دەکەن، یا دەتانخەنەوە ڕیزی (بتپەرستی) خۆیانەوە، ئەوسا ئیتر هەرگیز سەرفەراز نابن.

وَكَذَلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوا أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ السَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَا إِذْ يَتَنَازَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ فَقَالُوا ابْنُوا عَلَيْهِم بُنْيَانًا رَّبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ قَالَ الَّذِينَ غَلَبُوا عَلَى أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا (21)

(وا دیارە کە یەکێکیان ناردووە بۆ کڕینی خواردەمەنی، پارە زیوەکەی دەرهێناوە، کابرا دراوسێ دوکان و خەڵکی لە دەور کۆبۆتەوە، زانیویانە ئەم لاوە یەکێکە لەوانەی کە چەند سەدەیەك لەمەوبەر لەدەست پاشای بتپەرست و ستەمکار هەڵاتوون، خەڵکەکە لەگەڵ لاوەکەدا بەرەو ئەشکەوتەکە بۆ سەردانی ئەوانی تر دەچن)، بەو شێوەیە خەڵکیمان ڕێنموونی کرد تا بیاندۆزنەوە، تا بزانن و دڵنیا بن کە بەڵێنی خوا لە زیندووکردنەوەی مردووەکاندا حەق و ڕاستە، وە قیامەتیش (هەر دێت و) گومانی تیا نیە (لەوێ کە بەدیداریان شادبوون، لاوەکان خەوی یەکجارییان لێکەوت) ئینجا خەڵکەکە بوو بە کێشەیان، هەرندێکیان وتیان: دەروازەی ئەشکەوتەکە هەڵدەچنین (چونکە لەوانەیە دووبارە خەویان لێ کەوتبێتەوە، با کەس بێزاریان نەکات)، چونکە هەر خوا خۆی دەزانێ لە چ حاڵەتێکدان، (بەڵام) ئەوانەی کە زۆرینە بوون ڕایان هاتە سەر ئەوەی کە پەرستگایان لەسەر دروستبکرێت (کە ئەمەش شتێکی داهێنرابوو لە ئاینی گاوریدا کە لەسەر گۆڕی پیاوچاکان پەرستگایان دروستدەکرد).

سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًا بِالْغَيْبِ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ قُل رَّبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ فَلَا تُمَارِ فِيهِمْ إِلَّا مِرَاءً ظَاهِرًا وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا (22)

جا (دەربارەی ژمارەی یارانی ئەشکەوت) دەڵێن: سیانن و چوارەمیان سەگەکەیانە، هەندێکی تر دەڵێن: پێنج کەس بوون و شەشەمیان سەگەکەیانە، کە هەموو ئەمانە قسەیەکی بێ بەڵگەن، هەندێکی تر دەڵێن حەوت کەسن و هەشتەمیان سەگەکەیانە، پێیان بڵێ: هەر پەروەردگارم خۆی دەزانێ کە ژمارەیان چەندە، کەم کەس ژمارەیان دەزانێ، لەبەرئەوە هەر لە شتە ئاشکراکان بدوێ، وە دەربارەی ژمارەی ئەوان لە هیچ کەس مەپرسە، چونکە ئەوەی کە بەوەحی بە تۆ گەییوە بەسە لەو بارەیەوە.

وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا (23)

هەرگیز دەربارەی هیچ شتێك و هیچ كارێك مەڵێ، من سبەی ئەو كارە دەكەم.

إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ وَاذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَى أَن يَهْدِيَنِ رَبِّي لِأَقْرَبَ مِنْ هَذَا رَشَدًا (24)

(مەگەر بڵێی) ئەگەر خوا بیەوێ، ئەگەر ویستی پەروەردگاری لەسەر بێ، ئەگەر (ان شاء الله)ت لەبیرچوو هەركاتێ بیرت هاتەوە بیڵێ و یادی پەروەردگارت (فەرامۆش مەكە) (وە لەئەنجامدانی هەر كارێكدا) بڵێ: ئومێدەوارم ڕێنموونیم بكات تا بەو شێوەیەی كە پێی چاكەو لای پەسەندە جێبەجێی بكەم.

وَلَبِثُوا فِي كَهْفِهِمْ ثَلَاثَ مِائَةٍ سِنِينَ وَازْدَادُوا تِسْعًا (25)

(ئەوسا ئیتر یارانی ئەشكەوت) سێ سەد ساڵی تەواوی (هەتاوی) لە ئەشكەوتەكەیاندا مانەوە (ئەگەر بەساڵی مانگیی حسابی بكەی) نۆ دانە ساڵی تریشی لەسەرە.

قُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا لَهُ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَبْصِرْ بِهِ وَأَسْمِعْ مَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا (26)

پێیان بڵێ: هەر خوا خۆی دەزانێ كە چەند (لە ئەشكەوتەكەدا) مانەوە، چونكە هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیە هەر ئەو بە نهێنیان دەزانێ و (ئاگادارە لێیان)، (سەرنجی خەڵكی ڕاكێشە بۆلای دروستكراوانی خوا تا) چاك ببینن، وە چاك گوێ (بۆ پەیام و قورئانەكەی) بگرن، هیچ كەس نیە جگە لەو زاتە پشت و پەنایان بێ، بێگومان ئەو خوایە لە كارو فەرمانڕەوایەتیەكەیدا هیچ كەسی نەكردووە بە هاوتاو هاوبەشی خۆی.

وَاتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَلَن تَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا (27)

بخوێنە (ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) ئەوەی کە بە وەحی ڕەوانەکراوە بۆ تۆ، لە کتێب و (قورئانی) پەروەردگارت، فەرموودەو گوفتاری ئەو زاتە (ڕاستیی تەواوە لە هەموو ڕوویەکەوە) وە هەرگیز پەناگاو یاریدەدەرێکی وەکو ئەو زاتەت دەست ناکەوێت.

وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا (28)

ئارام بگرەو خۆت ڕاگرە لەگەڵ ئەوانەدا کە یادی پەروەردگاریان دەکەن و دۆعاو نزا دەکەن لە بەرەبەیان و دەمەو ئێواراندا، وە مەبەستیانە کە ئەو زاتە لە خۆیان ڕازیی بکەن، ڕوو لەوان وەرمەگێڕەو (ڕوو مەکەرە دنیاپەرستان و دەوڵەمەندان) مەگەر تۆ زینەت و ڕازاوەیی ژیانی دنیات مەبەستە؟! وە بەگوێی ئەو جۆرە کەسانە مەکە کە دڵیمان غافڵکردووە لەیادی خۆمان (بەهۆی دنیاپەرستیەوە) شوێنی ئارەزووی خۆی کەوتووە و هەرچی کاروباری هەیە لەسنوور دەرچووە و هیچی بەسەر هیچەوە نیە.

وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاء كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءتْ مُرْتَفَقًا (29)

پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆتان ڕەوانەکراوە، (هەمووشتان سەربەستن) ئەوەی دەیەوێ با باوەڕ بێنێ، ئەوەی دەیەوێ با کافرو بێ باوەڕ بێ، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادەکردووە بۆ ستەمکاران کە لەهەموو لایەکەوە دەورەیان دەدا، وە بەدیوارو بەربەستی سەخت ئابڵوقە دروان، ئەگەر هاوار بکەن و داوای ئاو بکەن، کانزایەکی تواوەیان بۆ دەهێنرێت ئەوەندە گەرمە دەموچاویان هەڵدەکڕوزێنێ و دەیانبرژێنێ، ئای کەچەند خواردنەوەیەکی نالەبارو ناخۆشە، چەندە جێگەو ڕێگەیەکی نالەبارو پڕ لە ئازارە.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا (30)

(لەولاشەوە) ئەوانەی کە بەڕاستی ئیمان و باوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەی چاکیان ئەنجام داوە (با دڵنیابن کە) ئێمە پاداشتی ئەو کەسە بەزایە نادەین کە کردارو ڕەفتاری جوان و پەسەندە.

أُوْلَئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِّن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا (31)

ئا ئەوانە باخچەکانی بەهەشتی عەدەن بۆیان ئامادەیە، ڕووبار بە بەردەمیاندا جاری و ڕەوانە (بەشێوەیەکی دڵڕفێن)، بازن و دەستبەندو سەعاتی ئاڵتونیان لە دەستکراوە، پۆشاکی سەوزی جوان دەپۆشن کە دووتوێیە، چینی ژێرەوە (ئاوریشمی) ئەستوورە، چینی سەرەوە (ئاوریشمی تەنکە) (کە بەکەماڵی شادیەوە) لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان شانیان داداوە، (بەڕاستی ئەو بەختەوەرانە) چاکترین و جوانترین و خۆشترین پاداشتیان دەستکەوتووە، هاوڕێ لەگەڵ خۆشترین و سازگارترین جێگەو ڕێگەدا.

وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا رَّجُلَيْنِ جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَابٍ وَحَفَفْنَاهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا (32)

نموونەیان بۆ بێنەرەوە بە دوو پیاو کە یەکێکیانمان کردووە بە خاوەنی دوو باخی ڕەز وە بە دارخورما دەوری باخەکەمان تەنیوە، وە لەنێوانیاندا باخ و بێستانمان فەراهەم هێناوە.

كِلْتَا الْجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ تَظْلِمْ مِنْهُ شَيْئًا وَفَجَّرْنَا خِلَالَهُمَا نَهَرًا (33)

هەردوو باخەکەش بەرهەم و میوەی چاکیان بەرهەمهێناوەو هیچیان لێ خەسار نەبووە، وە لەنێوان هەردوو باخەکەدا ڕووبارێکمان هەڵقوڵاندووە.

وَكَانَ لَهُ ثَمَرٌ فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَنَا أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا (34)

ئەو باخە بەرهەم و میوەی زۆری دەگرت.. (کابرای خاوەن باخ غەڕا بوو بە سامانەکەی بۆیە) بە هاوەڵە (هەژارەکەی) وت لە کاتی گفتوگۆکردندا: من سامانی زۆر زیاترم هەیە لە تۆ، ماڵ و منداڵیشم ژمارەیان زۆرترە (لەوانەی تۆ).

وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَذِهِ أَبَدًا (35)

(رۆژێك) چوو بۆ سەردانی باخەکەی (لەگەڵ هاوەڵەکەیدا) لە کاتێکدا ستەمی لەخۆی کردبوو (لەبەرخۆیەوە) وتی: گومان نابەم کە ئەم باخ و باخاتە هەرگیز لەناو بچێ.

وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَى رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا (36)

گومانم وایە کە قیامەت هەر بەرپا نابێ، خۆ ئەگەر بگەڕێمەوە بۆلای پەروەردگارم، ئەوە دڵنیام لای ئەویش (جێگەو ڕێگەو باخ و باخاتی ڕازاوەم) بۆ ئامادەکراوە.

قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا (37)

هاوەڵە (ئیماندارەکەی) لەکاتێکدا کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد پێی وت: ئایا بێ باوەڕی بەو زاتەی کە سەرەتا لە خاك تۆی دروسکردووە؟! لەوەدوا لە نوتفەیەك بوویت، ئەوجا کردویتی بە پیاو؟!

لَّكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا (38)

بەڵام من (دەڵێم) کە الله (بەدیهێنەری هەموو بونەوەر) پەروەردگارمە، هیچ جۆرە هاوەڵ و شەریکێك بۆ ئەو پەروەردگارەم بڕیار نادەم.

وَلَوْلَا إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَاءَ اللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ إِن تُرَنِ أَنَا أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا (39)

دەبوا کاتێك چوویتە ناو باخەکەوە بتوتایە! ماشاءالله (ئەم هەموو نازو نیعمەتە بەخششی خوایە، بڕوا ناکەم کە هیچ هێزو پشتیوانی و هێزی ئەو خوایە، (بەتایبەت) کاتێك کە من دەبینی ماڵ و سامان و نەوەم لە تۆ کەمترە.

فَعَسَى رَبِّي أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ السَّمَاءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا (40)

دوور نیە پەروەردگارم لەو باخەی تۆ چاکترم پێ نەبەخشێ (لە دنیادا یا لە قیامەتدا)، وە بەڵایەك لە ئاسمانەوە بۆ (باخەکەت) نەنێرێت و، نەیکاتە زەویەکی ڕووت و خلیسك و وشك.

أَوْ يُصْبِحَ مَاؤُهَا غَوْرًا فَلَن تَسْتَطِيعَ لَهُ طَلَبًا (41)

یاخود (دوور نیە) ئاوی باخەکە ڕۆبچێ و هەرگیز نەتوانی بەدەستی بێنیت.

وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِ فَأَصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ عَلَى مَا أَنفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّي أَحَدًا (42)

(سەرئەنجام پێشبینی هاوەڵی خواناسی هاتە دی)، هەرچی بەروبومی بوو لەناوچوو، ئینجا دەستی دەدا بە یەکداو (بە دەم ئاخ و داخ و هەناسەی ساردەوە)، چونکە مەسرەفی زۆری تیا کردبوو، باخەکەش بەسەریەکدا تەپیبوو، لەجێی خۆیدا کاول بوو، ئەوسا دەیوت: خۆزگە هیچ جۆرە هاوەڵێکم بۆ خوا بڕیار نەدایە (وە باوەڕی دامەزراوم تەنها بەو هەبوایە).

وَلَمْ تَكُن لَّهُ فِئَةٌ يَنصُرُونَهُ مِن دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا (43)

ئیتر هیچ دەستە و تاقمێك نەبوو فریای بکەوێت و (لە خەشمی خوا) دەربازی بکات، بێگومان سەرکەوتنیشی بەدەست نەهێنا.

هُنَالِكَ الْوَلَايَةُ لِلَّهِ الْحَقِّ هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا (44)

ئا لەو کاتانەدا، وە لەو جۆرە حاڵانەدا یارمەتی و کۆمەک تەنها لەخوای حەق و ڕاست و دروست وەردەگیرێ، هەر خۆی چاکترین پاداشتی ئامادە کردووە، چاکترین سەرئەنجامیش (چاوەڕێی بەختەوەرانە).

وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاء أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِرًا (45)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) نموونەیان بۆ بهێنەرەوە کە ژیانی دنیا وەك ئەو ئاوی بارانە وایە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنین و تێکەڵ بە ڕووەك و تۆوی زەوی دەبێ، لەدوای ماوەیەکی کەم (هەموو ئەم ڕووەك و گژوگیایە) دەبێتە پووش و پەلاشێکی وردو خاش، ڕەشەبا بەملاولادا بڵاوی دەکاتەوە، خوای گەورەش هەمیشەو بەردەوام دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا (46)

ماڵ و سامان و نەوە زینەت و جوانین بۆ ژیانی دنیا، (بەڵام دڵنیا بن) توێشووی کردەوەی چاك پاداشتی زۆری هەیە لای پەروەردگارت، وە هەر ئەوەیە چاکترین ئومێدو ئاوات (کە ئیماندار چاوەڕوانیەتی).

وَيَوْمَ نُسَيِّرُ الْجِبَالَ وَتَرَى الْأَرْضَ بَارِزَةً وَحَشَرْنَاهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا (47)

ڕۆژێك دێت کە کێوەکان لە جێگەی خۆیان هەڵدەکەنین و هەموو دانیشتوانی سەرزەوی کۆدەکەینەوە، (بۆ لێپرسینەوە) کەسیان بەجێ نایەڵین.

وَعُرِضُوا عَلَى رَبِّكَ صَفًّا لَّقَدْ جِئْتُمُونَا كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ بَلْ زَعَمْتُمْ أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِدًا (48)

هەموان (پێشینان و دواییان) ڕیز دەبن لەبەردەم پەروەردگارتا، بێگومان هەروەکو لە سەرەتادا دروستمان کردوون (بە ڕووتی بێ ماڵ و سامان و هیچ شتێك) لە حاڵێکدا کە ئێوە گومانتتان وابوو کە کاتێکمان دیاری نەکردووە (بۆ ئەو لێپرسینەوەیە).

وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا (49)

نامەی کردەوەی (هەرکەس) دادەنرێ، (ئیمانداران دڵخۆشن بە نامەی کردەوەکانیان) بەڵام تاوانباران دەبینی دڵەلەرزێ و دڵەڕاوکێیانە (لە کارو کردەوەی خراپ و ناپەسەندیان، چونکە تۆمارکراوە)، دەڵێن: هاوار لە ئێمە ئەم نامەو دۆسیەیە چیە؟! هیچ شتێکی لەیاد نەچووە، ئەو خەڵکە هەرچییان کردووە (بەدەنگ و ڕەنگەوە) ئامادەیە، بێگومان پەروەردگاری تۆ ستەم لە هیچ کەس ناکات.

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاء مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا (50)

ئێمە کاتێك بە فریشتەکانمان وت سوژدە بەرن بۆ ئادەم، هەرهەموو سوژدەیان برد جگە لە ئیبلیس نەبێت کە لە دەستەی پەریەکان بوو، لە فەرمانی پەروەردگاری یاخی بوو، ئایا (ڕەوایە) کە ئەوو نەوەکەی بکەنە پاڵپشت و یارو یاوەری خۆتان لەجیاتی من، لەحاڵێکدا ئەوانە دوژمنی ئێوەن، ئای کە ستەمکاران شتێکی ناڕەواو ناپەسندیان هەڵبژاردووەو (گوێڕایەڵی دەکەن).

مَا أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ الْمُضِلِّينَ عَضُدًا (51)

وەنەبێ من دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویم نیشانی ئەوانە دابێ (لە شەیتانەکانی پەری و ئادەمیزاد) بگرە هەتا دروستبوونی خۆشیانم نیشان

نەداون، بەڕاستیی من هەرگیز سەرگەردان و سەرلێشێواوەکانم نەکردووە بە یاریدەدەری خۆم پشتم پێ نەبەستوون.

وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُوا شُرَكَائِيَ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا (52)

ڕۆژێك دێت كە خوا لە موشریكان دەپرسێ و پێیان دەڵێ: كوان ئەو شەریك و هاوەڵانەی كە بۆ منتان بڕیار دەدا، بنگیان بكەن، هاواریان لێ بكەن (با فریاتان بكەون)، (بەڵام بێ سودە) هەر وەڵامیشیان نادەنەوە (چ جای فریایان بكەون) ئیتر بۆ هەمیشە ڕق و دوژمنایەتی دەخەینە نێوانیانەوە.

وَرَأَى الْمُجْرِمُونَ النَّارَ فَظَنُّوا أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمْ يَجِدُوا عَنْهَا مَصْرِفًا (53)

(ئا لەو گیرخواردنەدا) تاوانباران دۆزەخ دەبینن و دڵنیان كە دەخرێنە ناوی، بێگومان هیچ پەناگاو كەلێنێكیش نیە كە لێی دەرباز بن.

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَذَا الْقُرْآنِ لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍ وَكَانَ الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا (54)

بێگومان ئێمە لەم قورئانەدا لەهەموو جۆرە نموونەیەكمان هێناوەتەوە بۆ خەڵكی (تا پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن) كەچی ئینسان لەهەموو شتێك زیاتر موجادەلە دەكات و لەشت دەكۆڵێتەوە.

وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَن يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءهُمُ الْهُدَى وَيَسْتَغْفِرُوا رَبَّهُمْ إِلَّا أَن تَأْتِيَهُمْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ قُبُلًا (55)

خەڵكی (خوانەناس) هیچ شتێك نەبووەتە كۆسپ لە ڕێیاندا تا باوەڕ بێنن كاتێك كە هیدایەتیان بۆ ڕەوانەكراوە، وە داوای لێخۆشبوون بكەن لە پەروەردگاریان، مەگەر ئەوە نەبێت كە یاسای پێشینان بسەپێت بە سەریاندا (بە لەناوبردنیان) یاخود سزا ڕووبەڕوویان بێتەوە (لە قیامەتدا).

وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَيُجَادِلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَمَا أُنذِرُوا هُزُوًا (56)

ئێمە پێغەمبەران ڕەوانە ناكەین هەتا مژدەبەخش نەبن (بە ئیمانداران) وە ترسێنەر نەبن (بۆ یاخییەكان)، (كەچی) ئەوانەی كە كافرو بێ باوەڕن هەر موجادەلە لەسەر بەتاڵ و ناحەقی دەكەن، تا حەق و ڕاستی لە مەیدان دەركەن (بە خەیالی خۆیان ئەو سەرسەختانە) ئایەت و (معجزة)كانی ئێمەیان بەگاڵتەجاڕ داوەتە قەڵەم.

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ إِنَّا جَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِن تَدْعُهُمْ إِلَى الْهُدَى فَلَن يَهْتَدُوا إِذًا أَبَدًا (57)

كێ لەوە ستەمكاترە كە یاداوەری دەكرێ بە ئایەت و (معجزة)كانی پەروەردگاری، كەچی ڕووی لێ وەردەگێڕێ و لووتی بەرز دەگرێ، وە ئەوە لەیاد دەكات كە چ دەست پێشكەرییەكی كردووە (لە گوناهو تاوان)، ئێمە پەردەمان هێناوە بەسەر دڵیاندا تا لە (ئایەتەكانی ئێمە تێنەگەن) وە گوێچكەشیان كەڕو سەنگینە (لە ئاستیدا)، خۆ ئەگەر بانگیان بكەیت بۆ ڕێبازی هیدایەت و (دینداری) هەرگیز ئەوانە ئەو هیدایەتە وەرناگرن.

وَرَبُّكَ الْغَفُورُ ذُو الرَّحْمَةِ لَوْ يُؤَاخِذُهُم بِمَا كَسَبُوا لَعَجَّلَ لَهُمُ الْعَذَابَ بَل لَّهُم مَّوْعِدٌ لَّن يَجِدُوا مِن دُونِهِ مَوْئِلًا (58)

پەروەردگاری تۆ لێخۆش بووەو خاوەنی ڕەحمەت و میهرەبانییە بە كردەوەی (ئەو خەڵكە) بكات هەموویان بەخێرایی دەپێچێتەوەو بەسزای سەخت دایان دەگرێ، بەڵام لەبەرئەوەی كاتی دیاریكراوی بۆ بڕیارداوە (هەركاتێ یەخەی گرتن) هیچ پەنایەكیان نابێت.

وَتِلْكَ الْقُرَى أَهْلَكْنَاهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِم مَّوْعِدًا (59)

ئەوەتە ئەو شارو شارۆچكانە (كە باسیانتان بیستووە، یاخود بەچاوی خۆتان دەیبینن) لەناومان بردوون و كاولمان كردوون كاتێك كە

(دانیشتوانی) ستەمیان کردووە، وە بۆ لەناوبردنیان کاتی دیاریکراومان بڕیارداوە.

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِفَتَاهُ لَا أَبْرَحُ حَتَّى أَبْلُغَ مَجْمَعَ الْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِيَ حُقُبًا (60)

(یادیان بێنە) کاتێ کە موسا بەهاوەڵی لاوی خۆی وت: من کۆڵ نادەم و دەڕۆم، ئەگەر چەندەها ڕۆژم پێ بچێ تا دەگەمە ئەو شوێنەی کە دوو دەریاکە یەک دەگرن (تا دەگەمە ئەنجام) یاخود ماوەیەکی زۆر دەڕۆم و دەگەڕێم (خوای گەورە ویستویەتی موسا پێغەمبەر تێبگەیەنێ کە بەندەی هەیە لەبواری تردا شارەزان، لەبەرئەوە ڕێنموویی کردووە تا بگەڕێ بەشوێن ئەو جۆرە کەسانەداو لەوانیش سوود وەربگرێت).

فَلَمَّا بَلَغَا مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ سَرَبًا (61)

کاتێ کە گەیشتنە ئەو شوێنەی کە دوو دەریاکە بەیەك دەگەن، ماسیەکەیان (کە لەگەڵ خۆیاندا هەڵیان گرتبوو وەك توێشووی سەفەر)، فەرامۆشیان کرد لەکاتێکدا (کە هەڵنەبەیبۆوەو) ڕێگەی ناو دەریای بۆ خۆی گرتبۆ بەر.

فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَاهُ آتِنَا غَدَاءنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَذَا نَصَبًا (62)

کاتێ کە تێپەڕین (لەو شوێنەو، لە جێگەیەکی تر لایاندا) حەزرەتی موسا بەهاوەڵەکەی وت: ئادەی خواردنەکەمان بۆ بێنە، چونکە بەڕاستی لەم سەفەرەماندا زۆر هیلاك و ماندوو بووین.

قَالَ أَرَأَيْتَ إِذْ أَوَيْنَا إِلَى الصَّخْرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ الْحُوتَ وَمَا أَنسَانِيهُ إِلَّا الشَّيْطَانُ أَنْ أَذْكُرَهُ وَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ عَجَبًا (63)

لاوەکە وتی: ئەگەر لە بیرت بێت ئەو کاتەی کە چووینە سەر بەردە گەورەکە (بۆ حەوانەوە) من بیرم چوو باسی ماسیەکەت بۆ بکەم، هەر شەیتانیش لەبیری بردمەوە، بۆت بگێڕمەوە، لەڕاستیدا ئەو ماسیە (زیندو بۆوەو) بەشێوەیەکی زۆر سەیر (هەڵبلۆقی و) خۆی کرد بەناو دەریادا.

قَالَ ذَلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ فَارْتَدَّا عَلَى آثَارِهِمَا قَصَصًا (64)

موسا وتی: هەر ئەوەبوو کە ئێمە دەمانویست (واتە: دەبوو ئا لەو شوێنەدا چاوەڕێ بوینایە) ئیتر بەناچاریی گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بەجێیان هێشتبوو.

فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَا آتَيْنَاهُ رَحْمَةً مِنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَاهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا (65)

لەوێ بە بەندەیەك لە بەندەکانی ئێمە ئاشنا بوو کە لەڕەحمەتی تایبەتی خۆمان بەهرەوەرمان کردبوو، وە زانست و زانیاری تایبەتی خۆمانمان پێ بەخشیبوو.

قَالَ لَهُ مُوسَى هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا (66)

موسا پێی وت: ئایا (مۆڵەتم دەدەی) کە شوێنت بکەوم تا لەو زانست و زانیاریەی پێت بەخشراوە منیش بەهرەدار بکەیت.

قَالَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا (67)

(زاناکە) وتی: تۆ هەرگیز ناتوانیت لەگەڵ مندا خۆڕاگر بیت و (بێ دەنگ بی بەرانبەر کردارم).

وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَى مَا لَمْ تُحِطْ بِهِ خُبْرًا (68)

جا چۆن خۆدەگری لەبەرانبەر شتێکەوە کە هەواڵت لێی نیەو (لەنهێنیەکەی بێ ئاگای).

قَالَ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ صَابِرًا وَلَا أَعْصِي لَكَ أَمْرًا (69)

موسا وتی: دەمبینی ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت خۆڕاگر دەبم و لەهیچ فەرمانێکت دەرناچم.

قَالَ فَإِنِ اتَّبَعْتَنِي فَلَا تَسْأَلْنِي عَن شَيْءٍ حَتَّى أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا (70)

(زاناکه) وتی: ئەگەر شوێنم کەوتی پرسیارم لە هیچ شتێک لێ مەکە، (هەتا خۆم لە نهێنیەکەی ئاگادارت دەکەم.

فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا رَكِبَا فِي السَّفِينَةِ خَرَقَهَا قَالَ أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا (71)

ئەوسا پێکەوە دەرچوون و سواری کەشتیەکە بوون، (زاناکە) دەستی کرد بە کونکردن و عەیبدار کردنی، موسا (خۆی پێ نەگیرا) وتی: باشە ئاخر ئەوە تۆ ئەم کەشتیە کون دەکەیت، دەتەوێ هەرچی سەرنشینەکانی هەیە نوقمی بکەیت، بەڕاستی کارێکی ناشایستە دەکەیت!!

قَالَ أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا (72)

(زاناکە) وتی: ئەم وت: تۆ هەرگیز ناتوانی لەگەڵ مندا خۆڕاگر بیت!!.

قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْرًا (73)

موسا وتی: لێم مەگرە چونکە مەرجەکەم فەرامۆش کرد، (وە فێربونی ئەم زانیاریەی کە دەمەوێ لە تۆوە فێربم) لەسەرم قورس و گران مەکە.

فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا لَقِيَا غُلَامًا فَقَتَلَهُ قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةً بِغَيْرِ نَفْسٍ لَّقَدْ جِئْتَ شَيْئًا نُّكْرًا (74)

(دوایی دابەزینە سەر وشکانی) کەوتنە ڕێ هەتا گەیشتنە منالێك (زاناکە گرتی و ) کوشتی، موسا وتی: سەیرە، ئەوە بۆچی کەسێکی بێ گوناهت کوشت بێ ئەوەی ئەو تاوانێکی وای کردبێ و (شایستەی کوشتن بێ) بەڕاستی کارێکی ناپەسەندو ناڕەوات ئەنجام داوە!!

قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا (75)

(زاناکە) وتی: پێم نەگوتیت کە تۆ هەرگیز ناتوانی لەگەڵ مندا ئارام بگریت و دان بە خۆتا بگریت.

قَالَ إِن سَأَلْتُكَ عَن شَيْءٍ بَعْدَهَا فَلَا تُصَاحِبْنِي قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّي عُذْرًا (76)

(موسا) وتی: ئەگەر دوای ئەمە پرسیاری هەر شتێکی ترم لێکردی (و ڕەخنەم لێ گرتیت) هاوڕێیەتیم مەکە، چونکە بەڕای من مافی خۆتەو لەلایەن منەوە لێ بوراویت.

فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا أَتَيَا أَهْلَ قَرْيَةٍ اسْتَطْعَمَا أَهْلَهَا فَأَبَوْا أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَنْ يَنقَضَّ فَأَقَامَهُ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَاتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا (77)

ئەوسا ئیتر دەرچوون و ڕۆیشتن تا گەیشتنە ناو خەڵکی ئاواییەك (برسیان بوو) داوای خۆراکیان لە خەڵکەکە کرد، کەچی دەستیان نا بەڕوویانەوەو میواندایان لێنەکردن، ئەوسا لەناو ئاوایدا دیوارێکیان بەدی کرد دەیویست بڕوخێ، بەڵام زاناکە هەڵی چنیەوەو چاکی کردەوە، (موسا) وتی: ئەگەر بتویستایە کرێیەکت بەرانبەر ئەم کارە وەردەگرت (ئێمەشت پێ تێر دەکرد).

قَالَ هَذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا (78)

(زاناکە) وتی: ئیتر ئالێرە بە دواوە کاتی جیابوونەوەی من و تۆیە، من ئێستا تۆ ئاگادار دەکەم لە حیکمەتی ئەو شتانەی کە نەتدەتوانی خۆت بگری لەبەرامبەریانەوە.

أَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا (79)

(یەکەم) ئەو کەشتیەی (کە عەیبدارم کرد، خاوەنی) چەند هەژارێکە لە دەریادا کاردەکەن، جا بۆیە ویستم عەیبداری بکەم چونکە لە پشتیانەوە پاشایەک هەبوو کە هەموو کەشتیەکی (چاک و ڕێکوپێکی) داگیر دەکرد.

وَأَمَّا الْغُلَامُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَا أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَانًا وَكُفْرًا (80)

منداڵەکەش (کە کوشتم) دایک و باوکێکی ئیمانداری هەبوو، ترساین لەوەی کە بە سەرکەشی و بێدینی و خوانەناسی هیلاک و ماندوویان بکات (چونکە هەر لە ئێستاوە سەرکەشی و لاساری پێوە دیارە).

فَأَرَدْنَا أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَاةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا (81)

(بەو کارەمان) ویستمان کە پەروەردگاریان (لە جیاتی ئەو) پاکترو چاکتریان پێ ببەخشێ وە لە منداڵێکی خاوەن بەزەیی و میهرەبان بەهرەوەریان بکات (کوژراوەکەش بەهەشتیی بێت).

وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَنْ يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ وَمَا فَعَلْتُهُ عَنْ أَمْرِي ذَلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا (82)

دیوارەکەش (کە چاکم کردەوە، دیواری ماڵی) دوو منداڵی هەتیوی شارۆچکەکە بوو، لەژێری دا گەنجینەیەکی (زێڕوزیو) هەبوو (کە باوکیان بۆی شاردبوونەوە، ئەگەر گوێمان پێ نەدایە، باران و لافاو دەریدەخست و ئەو خەڵکە ڕەزیلەی کە میوانداریان لێ نەکردین، دەستیان دەکەوت)، باوکی ئەو دوو مناڵەش خواناس و چاک بوو، پەروەردگارت ویستی کاتێ گەنجینەکەیان دەست کەوێت کە گەورەو بەهێز بن، ئەوسا دەریبێنن، ئەمەش وەکو ڕەحمەتێکی تایبەتی لەلایەن پەروەردگارتەوە (لەبەر خاتری باوکیان)، (دڵنیاش بە) کە هەموو ئەو کارانەم لەخۆوە نەکردووە، ئیتر ئەوەبوو ڕازو نهێنی ئەو شتانەی کە خۆت بۆ نەدەگیرا کاتێ ئەنجامم دەدا.

وَيَسْأَلُونَكَ عَن ذِي الْقَرْنَيْنِ قُلْ سَأَتْلُو عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا (83)

دەربارەی (ذی القرنین)یش پرسیارت لێ دەکەن، پێیان بڵێ: گۆشەیەک لە بەسەرهاتی ئەوتان بۆ باس دەکەم.

إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا (84)

ئێمە تواناو دەسەڵاتمان لە زەویدا پێ بەخشیبوو، بۆ هەر شتێکیش هۆکارەکەیمان بۆ ڕەخساندبوو.

فَأَتْبَعَ سَبَبًا (85)

ئەویش کەڵکی (تەواوی) لە هۆکارەکان وەردەگرت.

حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا قُلْنَا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِمَّا أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّا أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا (86)

(خۆی و لەشکرەکەی) کەوتە ڕێ تا ناوچەکانی خۆرئاوا، (وادەهاتە بەرچاو) کە لە گۆمێکی قوڕاودا خۆر، ئاوادەبێت لەو ناوەدا ڕێی کەوت لە قەومێکی (خوانەناس و بێدین)، ئێمەش پێمان وت: ئەی (ذا القرنین) یا ئەوەیە بە سزا لەناویان دەبەیت (ئەگەر لەسەر کوفرو تاوانیان بەردەوام بوون) وە یا چاکەیان لەگەڵدا دەکەیت (ئەگەر شوێنێکی ئیمان و چاکە کەوتن).

قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَى رَبِّهِ فَيُعَذِّبُهُ عَذَابًا نُّكْرًا (87)

(ذوالقرنین) وتی: ئەوەی ستەمکار بێت ئێمە سزای دەدەین لەوەودوایش کە گەڕایەوە بۆلای پەروەردگاری سزایەکی زۆر سەخت و گرانی دەدات.

وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُ جَزَاءً الْحُسْنَى وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا (88)

بەڵام ئەوەی ئیمان و باوەڕ بێنێ و کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدات پاداشتی چاک بۆ ئەوە، فەرمانی ئاسان و کاری سووکی دەدەین بەسەردا.

ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا (89)

لەوەودوا کەڵکی تەواوی لە هۆکارەکان وەرگرت و بەشوێنیاندا گەڕا.

حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَى قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا (90)

هەتا گەیشتە ناوچەی خۆرهەڵاتی (دوور) بینی خۆر هەڵدێ لەسەر قەومێك كە پەناگایەكیان نیە تا لە تینی خۆیان بپارێزن.

كَذَلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا (91)

هەر بەو شێوەیە ڕەفتاری كرد، كە لەگەڵ خەڵكی خۆرئاوادا كردی، بێگومان ئێمە بەتەواویی ئاگاداربووین لەو كاروكردەوانەی كە ئەنجامی دەدا.

ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا (92)

لەوەودوا دەستبەرداری هۆكارەكان نەبوو، بەشوێنیاندا گەڕا.

حَتَّى إِذَا بَلَغَ بَيْنَ السَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا (93)

هەتا گەیشتە نێوان هەردوو بەربەستەكە، كە لە نێوانیاندا قەومێك هەیە كە لە هیچ قسەیەك تێناگەن (مەگەر زۆر بە دەگمەن).

قَالُوا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَى أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا (94)

كاتێ كە دەسەڵاتی ذوالقرنینیان بینی وتیان: ئەی (ذوالقرنين) بەڕاستی یەئجوج و مەئجوج خراپە و تاوانكارن لە زەویدا، ئایا خەرجییەک و پارەیەكت بۆ كۆبكەینەوە، تا بەربەستێك لەنێوان ئێمەو ئەواندا دروستبكەیت؟

قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا (95)

(ذوالقرنين) وتی: ئەو دەسەڵات و زانیاری و شتانەی پەروەردگارم پێی بەخشیوم چاکترە بۆ من (لە پارەو سامان) ئێوە بەهێزی بازو یارمەتیم بدەن تا بەربەستێکی بەهێز لە نێوان ئێوەو ئەواندا دروست بکەم.

آتُونِي زُبَرَ الْحَدِيدِ حَتَّى إِذَا سَاوَى بَيْنَ الصَّدَفَيْنِ قَالَ انفُخُوا حَتَّى إِذَا جَعَلَهُ نَارًا قَالَ آتُونِي أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا (96)

پارچە ئاسنم بۆ بێنن و (کەڵەکەی بکەن) هەتا ئەمبەرو ئەوبەری هەردوو کێوەکەی پڕ کرد، ئەوجا فەرمانی دا بە (موشەدەمە) فوو بکەن لەو ئاگرەی کە لە ژێریدا کۆکرابۆوە، هەتا هەمووی وەك ئاگری لێهات، (ئەوجا ذوالقرينين) وتی: ئادەی مس بێنن تا بیکەم بەسەریدا (مس لەگەڵ ئاسندا تێکەڵ بکرێ پێکهاتەیەکی بەهێزی لێ دروست دەبێت).

فَمَا اسْطَاعُوا أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا اسْتَطَاعُوا لَهُ نَقْبًا (97)

ئەوسا ئیتر (یەئجوج و مەئجوج) نە توانیان سەربکەون، نە توانیان کونا دەری بکەن.

قَالَ هَذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي فَإِذَا جَاء وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاء وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا (98)

(ئینجا ذوالقرنين) وتی: (دروسکردنی) ئەم (بەربەستە) ڕەحمەتێک بوو لەلایەن پەروەردگارمەوە، هەرکاتێ پەروەردگارم بڕیاری تێکدانی بدات، وردوخاشی دەکات، بێگومان بەڵێنی پەروەردگارم حەقیقەت و ڕاستەقینەیە.

وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا (99)

لەو ڕۆژە بەدواوە وازمان لێهێنان تا (وەکو) شەپۆل بەناو یەکدا بێن، یاخود وازمان لێهێنان بۆ ئەو ڕۆژەی (کە بەربەستەکە دەشکێت و بە پەلە) وەکو لێشاو دێنە دەرێ و شەپۆل دەدەن بەناویەکدا (کە یەکێکە لە

نیشانەکانی کۆتای دنیا)، لەوەودوا فوو دەکرێت بە (صوور)دا، هەر هەموو خەڵکی بەتەواوی کۆدەکەینەوە (بۆ موحاسەبەو لێپرسینەوە).

وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِّلْكَافِرِينَ عَرْضًا (100)

ئیتر ئەو ڕۆژە دۆزەخ نیشانی کافران دەدەین و (هەمووشیانی تیا کۆدەکەینەوە).

الَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ فِي غِطَاء عَن ذِكْرِي وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ سَمْعًا (101)

ئەوانەی کە پەردە بەسەر چاویاندا هاتبوو (نەیاندەویست نیشانەکانی دەسەڵاتداری ئێمە ببینن) و یادی ئێمە بکەن، وە توانای بیستنی (قورئانی ئێمەیان نەبوو، حەزیان لێ نەدەکرد).

أَفَحَسِبَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن يَتَّخِذُوا عِبَادِي مِن دُونِي أَوْلِيَاء إِنَّا أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ نُزُلًا (102)

ئایا ئەوانەی کافرو بێ باوەڕن وا دەزانن (کە هەروا بۆیان دەچێتە سەرو چاوپۆشییان لێ دەکەین لە کاتێکدا کە ئەوان) بەندەکانی ئێمە دەکەنە یارویاوەری خۆیان و پشت بەوان دەبەستن و (ئێمە فەرامۆش دەکەن، ئەوانە با بزانن) کە ئێمە دۆزەخمان ئامادەکردووە بۆ کافرو بێ باوەڕان کە لەوێ دادەبەزین و نیشتەجێ دەبن.

قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا (103)

(پێیان) بڵێ: ئایا هەواڵی ئەو کەسانەتان بدەمێ کە لە کارو کردەوەیاندا زۆر زەرەرمەندو خەسارەتمەندن؟!

الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا (104)

(ئەوانە) ئەو کەسانەن کە هەوڵ و کۆششیان لە ژیانی دنیادا، بەهەوانتەو بەهەدەر چووە (بەمەرجێ) وایاندەزانی کە کاری چاک دەکەن و کردەوەی ڕەوا ئەنجام دەدەن.

أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا (105)

ئەوانە کەسانێکن کە باوەڕیان بە (معجزة)کانی پەروەردگاریان نیە (وە بەتەمای) ڕووبەڕووبوونەوەی نەبوون، ئیتر هەموو کاروکردەوەکانیان بێ نرخ و پووچ دەبێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا هیچ جۆرە بایەخ و نرخێکیان بۆ دانانێین.

ذَلِكَ جَزَاؤُهُمْ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُوا وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَرُسُلِي هُزُوًا (106)

ئەوانە پاداشتیان ئاگری دۆزەخە بەهۆی بێباوەڕیانەوە، بەهۆی گاڵتەجاڕییان بە بەڵگەو (معجزة)کان و بە پێغەمبەرانی ئێمە.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا (107)

بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، ئێمە (هەر لە زووەوە) بەهەشتی فیردەوسمان بۆ ئامادەکردوون، تا لەوێ دابەزن و (ژیانی کامەرانی تیا بەرنە سەر).

خَالِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا (108)

ژیانیان بەردەوام و نەبڕاوەیە تیایدا، هەرگیز بێزار نابن و حەزناکەن بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر.

قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا (109)

(پێیان) بڵێ: ئەگەر دەریاکان ببنە مرەکەب و زانست و زانیاری پەروەردگاریمی پێ بنوسرێت، دەریا تەواو دەبێت پێش ئەوەی عیلم و زانستی پەروەردگارم تەواو بێ، ئەگەر چەندەها ئەوەندەی تر دەریاش

بێنن و بیکەنە (مەرەکەب، چونکە زانست و زانیاری پەروەردگار کۆتایی نیەو بێ سنوورە).

قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا (110)

(ئەی پێغەمبەر پێیان) بڵێ: من تەنها ئادەمیزادێکم وەك ئێوە وەحی و نیگام بۆ هاتووە (کە ئەم ڕاستیەتان تێبگەیەنم) کە: خوای ئێوە تەنها خوایەکی تاک و تەنیایە، جا ئەوەی دەیەوێت بە دیداری پەروەردگاری شاد ببێت (بە خۆشنودیەوە) با کارو کردەوەی چاك و دروست ئەنجام بدات، وە بەهیچ شێوەیەك لە پەرستنیدا هاوەڵ و شەریك (بۆ خوای گەورە) بڕیار نەدات.